## حەسەن شەرەفی:

# بزووتنەوەی کورد لە ئێران تێچووی پێگەیشتوویی سیاسیی خۆی دەدات




کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ دەنگی فارسیی ئەمریکادا ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی بۆ هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگا و کەمپە مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان حەوجێی بە بیانوو نییە، چونکی ئەو بیانووەی بۆ هێرشکردنە سەر کورد هەموو کاتێک بەدەستەوەیە؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە لە بنەڕەتڕا دژی هەر چەشنە ماف و داوا و ئازادییەکی دێموکراتیکی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانە.

ئەندامی دەستەی کارگێڕی ڕوونی کردەوە کورد باج و تێچووی پێگەیشتوویی سیاسی و خەباتگێڕیی خۆی دەدا، وەک چۆن لە بەردی بناغەی دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە بەو ناسینەی لە ڕێبەرانی ڕێژیم و فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامی هەیبووی، دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا بەرگریی لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کردووە. بەڕێزیان بە ئاماژە بە شەهیدبوونی ٦ پێشمەرگەی حیزب لە پیرانشار لە چەند ڕۆژی ڕابردوود گوتی خەباتی کورد بۆ مافەکانی بە شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی تووشی نسکۆ و ڕاوەستان نابیت، وەک چۆن بە درێژایی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ئەم بزووتنەوەیە خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە؛ کەچی لەهەر بارودۆخێکدا و بە هەر شێوەیەک بۆی لوابێ لە خەبات و خۆڕاگریی خۆی بەپێی شێواز و هەلومەرجی کردەنی بەردەوام بووە و بەردەوامیش دەبێت.

کاک حەسەن شەرەفی لە وتوویژێکی دیکەدا لەگەڵ "ڕادیۆ فەردا" بە ئاماژە بە هۆکاری بەردەوامیی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگا و کەمپە مەدەنییەکانی حیزب لە هەرێم کوردستان ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی هەر لە دەستپێکی شەڕی ٣٩ ڕۆژەوە لەوە دەترسا جگە لە بەرەی شەڕی ئاسمانی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کوردەکانیش ئەمە وەک دەرفەت بقۆزنەوە و لەو بارودۆخەدا بەرەیەکی نوێی شەڕ لە کوردستان دژی ڕێژیم بکەنەوە. ئێستاش کە ڕێژیم دوای ڕاگیرانی شەڕ و ئیمزاکردنی لیکتێگەیشتن لەگەڵ ئەمریکا شەڕ دژی حیزبە کوردییەکانی ڕانەگرتووە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕیوایەت و گێڕانەوەی سەرکەوتنی ساختە لەو شەڕە دەرخواردنی لایەنگرانی بدا.

ئەندامی دەستەی کارگێڕی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە حیزبی دێموکرات خەباتێکی چەکداریی بەربڵاویان دژی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵام ئەدی بۆ لەو ئاستە بەرفراوانەدا هێرشی مووشکیی دەکرێتە سەر؛ گوتی: ڕاستە حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداری و مەیدانیی پێشمەرگانەی لە ئاستی بەربڵاودا نییە، بەڵام خەباتی مێدیایی و ڕاگەیاندن، خەباتی دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە و هەروەها بەرنامە و ڕێکخستنەکانی حیزب لە نێوخۆی کوردستان پرۆژەیەکی بەرهەمداری سیاسییە کە کۆماری ئیسلامی بە ترس و نیگەرانییەوە لێی دەڕوانیت؛ بۆیە بەمجۆرە بەرەوڕووی دەبێتەوە. بەتایبەت کە مێژووی حیزبی دێموکرات پێمان دەڵێ ئەم حیزبە لە هەر بارودۆخێکدا توانیویەتی شێوەی خەبات و بەربەرەکانیی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ئێران و ناوچە بە باشترین شێوە دیاری بکات.

کاک حەسەن شەرەفی لە وتوویژێکی دیکە لەگەڵ زاگرۆس ٢٤ و لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی لە کاتی شەڕی ٣٩ ڕۆژەدا حیزبە کوردییەکان بەرەیەکی شەڕی مەیدانییان لە دژی کۆماری ئیسلامی نەکردەوە، گوتی: ئەو بابەتە لە سەرەتادا بە شێوەیەک ناونیشان کرا، سیما و وێناکردنێکی بڕێک زیادە لە حەدی واقیعیی خۆی پێ درا بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی ببێتە پێکهێنانی هیوایەکی زۆر لە خەڵک، ئامادەییەکی زۆر لە هێزی پێشمەرگە و، ئامادەیی و خۆتەیارکردنێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەوە ئەگەر لە شێوەیەکی سیاسییدا و لە چوارچێوەیەکی بڕێک واقیعیتر و یاساییتر و یا بڵێین هەندێ ڕێککەوتنی گرنگتردا بووایە، دەکرا ئەو چاوەڕوانییە بێتە دی و حەتمەن ئەو چاوەڕوانییەش دەهاتە دی. بەڵام واقیعییەتەکە جۆرێکی دیکە بوو؛ لە عەمەلدا و لە کردەوەدا بە بارێکدا کەوت کە ئەودەم نەدەکرا هێزەکانی کوردستان بکەونە چوارچێوەی شەڕێک، کە نە بۆ خۆی دەستی پێ کردووە، نە ئامانجە کۆتاییەکەی دیارە تا کوێ دەڕوا و نە دەستکەوتەکانی چەندە کە بتوانێ ئەو کارەی لەپێناودا بکا. بۆیە هێزە کوردییەکان ناچارن بە لێکۆڵینەوەی زیاترەوە، بە وردبینییەوە، بە لێکدانەوەی هەموو لایەنی مەسەلەکان، ئەو ڕووداوانە لێک بدەنەوە و، قازانج و بەرژەوەندییەکانی کورد لەبەرچاو بگرن. ئەوە کە کۆتایی ئەو شەڕە دەگاتە کوێ و کە گەیشتە ئەوێ، دەستکەوتی بۆ کورد چییە؟ ڕەنگە ئەگەر ئەو وەخت شتێک کرابا، دەیانگوت بە پشتیوانیی غەیری خۆیان کراوە. ئێستە کە کەس لەو شەڕەدا نییە، کورد بۆ خۆی ئەگەر دەیکا، ئیرادەی خۆیەتی، توانای خۆیەتی.

## مستەفا هیجری:

# ڕووخاندنی ڕێژیم ئەرک و بەرپرسایەتییەکی گشتییە و گرێدراوی هاوپێوەندیی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە




کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٧ی پووشپەڕ لە بەرنامەی 'مەیدان'ی بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکادا ڕایگەیاند ئەوەی لە ناوچەکە ڕوو دەدا بەستێنسازی زۆر گۆڕانکارییە سیاسییە کە ئێرانیش دەگرێتەوە. لێکتێگەیشتنەکەی ئەمریکا و ئێران چ بگاتە ڕێککەوتن و چ هەرەس بێنێت، ئالوگۆڕی زۆر بنەڕەتی بەدووی خۆیدا دێنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی حیزبی دێموکرات لە نارەزایەتییەکانی دوو ساڵی ڕابردوودا جوولەی مەیدانیی نەکردووە و چالاکییەکانی تەنیا لە ڕاگەیاندنی مانگرتندا سنووردار بووە، گوتی: ڕاستە ئێمە داوای ڕاپەڕین و هاتنەسەر شەقامی خەڵکی کوردستانمان نەکرد، چونکی دڵنیا بووین کۆماری ئیسلامی کە شکستی قورسی لە ئەمریکا و ئیسرائیل خواردووە، تۆڵەی شکستەکانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان دەکاتەوە. ئێمە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی لە ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا هەزاران کەسی لەسەر شەقام خەڵتانی خوێن کرد، لە کوردستان داوای مانگرتنمان کرد و لانیکەم سەتا ٨٠ی شار و ناوچەکانی کوردستان بەدەم داواکەی ئێمەوە هاتن. بۆیە دەمانزانی هەر بانگەوازێکی ڕاپەڕین و هاتنەسەر شەقام بدەین، خەڵک دێن بەڵام زۆر بەتوندی سەرکوت و کۆمەڵکوژ دەکرێن؛ سەرەڕای ئەوەش لە هێندێک ناوچەی کوردستان لە ئیلام و کرماشان کۆمەڵێک نارەزایەتی هەبوو کە وەک دەزانن سەرکوت کرا و شەهید و برینداری زۆریشمان دا.

کاک مستەفا هیجری لە وڵامی ئەوەدا کە ئێوە بە خەستی مووشەکباران کران، کەچی بەوحاڵەش هیچ بەرگرییەکتان لە خۆتان نەکرد، باسی ئەوەی کرد لە سەرەتاکانی دەستپێکی شەڕدا زۆر دەگوترا کە حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکان شانبەشانی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامی دێنە بەرەی شەڕەوە. ڕاستە حیزبی دێموکرات لەپێناو مافەکانیدا دژی کۆماری ئیسلامی لە خەبات و تێکۆشندایە، بەڵام جەوهەر و ئامانجی خەباتی ئێمە جیاوازە لە ئەجێندا و ئامانجی ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ڕێژیم لە شەڕدا بوون جیاوازە. دوای ئەوەش ئێران تەنیا بە کوردستان ڕزگار ناکرێ و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییش تەنیا ئەرکی خەڵکی کوردستان نییە. ڕووخاندنی ڕێژیم ئەرک و بەرپرسایەتییەکی گشتییە و گرێدراوی یەکیەتی و هاوپێوەندیی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە. بێگومان ئامادەیی کاری مەیدانی و پێشمەرگانەمان هەبوو، کوردستان نیشتمانی ئێمەیە و هەرکات بارودۆخەکە بە گونجاو بزانین دەگەڕێینەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئێوە هێزێکی چەکدارن و باوەڕتان بە خەباتی چەکدارییش ماوە، ئەدی بۆچی سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ٢٠٠ جار هێرشتان کرایە سەر، چەکەکانتان و هێزی پێشمەرگەتان بۆ بەرگری بەکار نەهێنا، ڕوونی کردەوە کە حیزبی دێموکرات توانای بەرپەرچدانەوەی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی نییە، جیا لەوە نەک هەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو هەرێمی کوردستان و وڵاتانی عەرەبییش کەوتنە بەر هێرشی مووشەکیی ڕێژیم و ئەوانیش پەرچەکرداریان هەر وەک ئێمە بوو. خۆ ئەگەر ئێمە وەڵامی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیمان بە پەرچەکرداری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتدا دابایەوە، لەوانە بوو خەڵکەکەمان کۆمەڵکوژ کرابان و کوردستانیش خاپوور ببا. ئێمە زیاتر لە ٨٠ ساڵە تێچووی قورس بۆ خەباتەکەمان دەدەین و نەمانویست خەڵکەکەمان لە نێوخۆی وڵات هەر بەتەنیا بن و هەر ئەوان لەوە زیاتر زیان و خەساریان بەر بکەوێ. کاک مستەفا هیجری لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە مانەوەتان لە هەرێمی کوردستان چەندە چالاکییەکانی ئێوەی سنووردار کردووە، نەیشاردەوە کە دۆخی مانەوەی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی نێوان تاران-بەغدا-هەولێر بەسەر حیزبی دێموکراتدا بسەپێ و بەپێی ئەو دەروەستییەی بە نیسبەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمانە، ڕێ لە ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ کوردستان بگیردرێت.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی وتووێژەکەدا باسی ئەوەی کرد خەباتی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد خەباتێکی فرەڕەهەندە و بە ڕاگرتنی خەباتی پێشمەرگە و مەیدانی ئەم تێکۆشانە لەبن نەهاتووە، وەک چۆن دەبینین خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو سەرکوت و گوشارە ئەمنیەتییەکان ڕێکخراوترین کۆمەڵگەی سیاسی لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێرانن و ئەوەش بەرهەمی خەبات و هەوڵدانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە. بەڵام ئێستا کە کۆماری ئیسلامی بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتی و دەروەستییەکانی لە هێرشەکانی بۆ سەر حیزبە سیاسییەکان و بنکە و بارەگاکانیان بەردەوامە، بێگومان سیاسەت و کاردانەوەی ئێمە و حیزبە کوردییەکانی دیکەی هاوپەیمانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

کاک مستەفا هیجری لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە خەباتی پێشمەرگانە دەتوانێ پشتیوانی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بێت، ڕایگەیاند ڕاستە حیزبی دێموکرات هێزی پێشمەرگەی چەکداری هەیە، بەڵام ستراتیژیی حیزبی دێموکرت یەکیەتیی سیاسی و بەکردەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی لەپێناو دروستکردنی ئاڵترنتیڤ دژی کۆماری ئیسلامییە و ئەگەر ئەو خەبات و تێکۆشانە ڕەهەندی پێشمەرگانە بگرێت، لەوانەیە بەو ئامانجەمان نەگەیەنێت کە خەباتێکی سیاسی، مەدەنی و جەماوەری لە ئاستی سەرانسەریدا دەتوانێت بیپێکێت. هاوکات دەشزانین کە خەباتی چەکداری دەبێتە هۆی سەرکوتی زیاتر و خوێناویتری بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان. سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵامدانەوە بەو پرسیارە کە ئاخۆ ئەوە هەر ڕوانگەی ئێوەیە یان هەموو ڕێبەریی حیزب، گوتی لە حیزبی دێموکراتدا بڕیارەکان تاک نایدەن و هەموو بڕیارە سیاسی و گرینگەکان لە کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندیدا بەکۆمەڵ دەدرێن و ئەو سیاسەتەی ئێستاش بەکۆمەڵ بڕیاری لەسەر دراوە. بەڕێزیان بە ئاماژە بەوەی لەوانەیە چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان بەتایبەت لاوان لە دوای بزووتنەوەی ژیناوە بۆ خەباتی پێشمەرگانەی حیزب زیاتر بووبێت، بەڵام سیاسەتی دروست و واقعبینانەی حیزب ئەو تێگەیشتن و قەناعەتەی لای ئەوانیش دروست کردووە و بەو پێیە دەتوانین بڵێین پێگەی سیاسی و جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە جارانیش بەهێزترە.

## ناوەندی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب:

# ڕۆژی ڕزگاریی وڵاتمان لە دەست زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی نزیکە

بۆ ئاگاداریی هاونیشتمانییانی تێکۆشەر و بیروڕای گشتی، ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی پووشپەڕ کاتژمێر ٨ی ئێوارە بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بەناوی "نیما تەیمووری" کوڕی جەعفەر لە شاری مەهاباد هێرشی کردووەتە سەر چەند هاووڵاتیی مەدەنی بە بیانووی ئەوەی ئەو چەند کەسە جلوبەرگی خاکی ڕەنگیان لەبەر کردووە. لە ئاکامدا کەسێکی سیڤیل بەناوی "سیاوەش ئەلەک" کوڕی سەید عومەر گیانی لێ دەستێندرێ و چەند کەسی دیکەش بریندار دەبن. هەر دوابەدوای ئەوە جاشەکان بە دروستکردنی دۆخێکی ترسێنەر پێش بە ماشینی خەڵک دەگرن و بێڕێزییان پێ دەکەن.

دوای ئەو ڕووداوە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی مەهاباد دەچنە بەر دەرکی نەخۆشخانەی شار و بە دروشمدان، بێزاریی خۆیان لە جاشەکانی ڕێژیم و بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شار دەر دەبڕن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی بەداخبوون بۆ گیانلەدەستدانی لاوی بەغەدر کوژراو "سیاوەش ئەلەک" و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ناوبراو، ئەو کردەوەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم مەحکووم دەکا و داوا لە خەڵکی کوردستان بەگشتی و مەهاباد بەتایبەتی دەکا، لە بەرانبەر دەستدرێژی و ئەزیەت و ئازاری بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا بێدەنگ نەبن و یەکگرتووانە بەگژیاندا بێنەوە و ڕێگا نەدەن بە بیانووی جۆراوجۆر ژیان و گیان و ماڵیان بخەنە مەترسییەوە.

ڕۆژی ڕزگاریی وڵاتمان لە دەست زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی نزیکە و بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەبێ بزانن چیتر ناتوانن درێژە بە تاوانەکانیان دژ بە خەڵکی کوردستان بدەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی تەشکیلاتی نهێنی**
**١١ی پووشپەڕی ١٤٠٥**

## کۆماری ئیسلامی بنکەکانی حیزبی بە درۆن بەئامانج گرتەوە

ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی پووشپەڕی ١٤٠٥، بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی هێرشی درۆنیی کردە سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات. لەم هێرشە نوێیەدا کۆماری ئیسلامی بە درۆنێک بەرزاییەکانی بالیسان لە باشووری کوردستانی کردە ئامانج. ئەو هێرشە نوێیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە کاتێکدابوو شەوی پێشووتریش، کۆماری ئیسلامی بە دوو درۆن کەمپی "دێگەڵە"ی حیزبی دێموکرات، لە نزیک شاری کۆیەی کردبووە ئامانج.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەستپێکی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەتا ئێستا بە زیاتر لە ١٤٠ مووشەک و درۆن کەمپی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنکە دەرمانی و پەروەردەییەکانی ئەم حیزبەی بە ئامانج گرتووە.

ڕێکخراوی CPT لە هەرێمی کوردستان ئاماری هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستانی تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا بڵاو کردبۆوە کە لەودا هاتبوو لەو ماوەیەدا ٧٥١ هێرش کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان کە شەهیدبوونی ٢٢ کەس و بریندابوونی ١١٢ کەسی لێ کەوتبۆوە. لەو ٧٥١ هێرشە زیاتر لە ٢٥٠ هێرشی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان بووە. هەروەها ژمارەی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی حیزبە کوردییەکان دوای ڕاگرتنی شەڕ و ئاگربەس سەرروو ١٢٠ هێرش بووە.

